بەهۆی تۆپبارانی تۆپخانەکانی سوپای تورکیا ئاگر بەربووەتە چەند گوندێکی سنووری قەزای ئامێدی

بەهۆی تۆپبارانی تۆپخانەکانی سوپای تورکیا ئاگر بەربووەتە چەند گوندێکی قەزای ئامێدی و هەروەها ئاگر لە سەنتەری گوندی ئێلکیشکێیش سەر بە ناحیەی کانی ماسێ دەوروبەری گوندی میسکا لەسەرجادەی گشتی ئەو ناوچەیە کەوتووتەوە.

بەگوێرەی زانیاریی میدیاییەکان، ماڵ و خانووی هاوڵاتیانی گوندی ئێلکیشکێ و گۆرستان و ڕەز و باخەکانیشیان سوتاون و بۆ پاراستنی خۆیان دانیشتوانی گوندەکە چوونەتە شوێنێکی تایبەت.

هاوڵاتیانی گوندی ئێلکیشکێ لە دەڤەری بەرواری باڵای سەر بە ناحیەی کانی ماسێ لە قەزای ئامێدی ناتوانن لە گوندەکەیان دەرکەون ئاگرەکە ئەوەندە بەهێزە هەر هەموویان پێکەوە لە شوێنێک ماونەتەوە خۆ دەپارێزن.